# هێرشی مشکەکان

چنوور سەعیدی



٧ی تشرینی دووەم ٢٠٢٢ چیرۆک

وتبووی لە بەر پەیکەرەی مەســـتوورە خانمی ئەردەڵان کۆ بینەوە، هەر لەوێ وێنەیەکی بێ سەرپۆش بگرین و لە پەیجی ژیڤانۆ داینێین و ڕێ کەوین. ژنان بێ ســێ و دوو قەبووڵیان کردبوو. زووتر لە هەمووان گەیشت. هەر کە گەیشتە نێو کافە، دایکی زەنگی بۆ لێ دا:

– ئەوە هایتە کوێ ئازادە؟ فاتمە خانم ئێژێ شـــار شـلۆقە و خەڵک ڕژیاگنەسە دەرەو، بمزانیای واسە نەمەهێشت بچی.

– گووی خوارد ئەو عەجووزە! ئەو گشـــتە تەعەهۆدمە داگە، چۆن ئەچمە ناو شـــلۆقییەو؟ من کارم چەس! هیچ خەوەرێکیش نییە، ئەو دەوا گەلتە بۆ ئەسێنم و...

– دوام گەرەک نییە بە توون! خوام ئەکرد مـاڵەکەیـان ئەکڕانـدەو! نازانم بەم شلۆقییە بۆ چە ئەو قژە درێژتە ئاوا پەخشەو کردەو؟ ئەو کەنیشکە داماگیانە لە تارانا هەر لە سەر چکێ قژ کوشت.

دەیزانی هەتا نیو سەعاتی تر، ژیان دەکەوتە چەرخەیەکی ورووژێنەر و نائاساییەوە، وەک چۆن فاتمە خانم ڕۆژی حەشری وا دەگێڕایەوە دەبا ســـوورەتی " التکویر" ئاوی بە دەســـتەکانیدا کردبایە. دوایین هیوای لەو کاتەدا، زیندوومانەوە و بینینەوەی ئەو ســـەرهەڵدانە بوو لەســـەر ڕۆژمێرەکانی داهاتوودا. هاتەوە پێش چاوی ئەو دیمەنە: بە تیرێکەوە پێوە دەبوو، هەتا ســـاڵێک لای بنەماڵە و کەس و کارییەوە هەموو کەلوپەلەکانی بە چەشنێکی گاڵتەئامێز پیرۆز دەبوونەوە. بۆیە دەبا لەو چەند چرکەیە دوایین قســـەی کردبایە لەســـەر ماڵەکان. لەوانەش بوو وا دەرنەچێت و ئۆخەیان بە کوشتنی کردبایە و ماڵەکە فرۆشــرابایە و دایکی ببوایتە کرێچیی براکانی. لە دوای ســـەرکەوتن، بەپێی ئەو ئەمـانەتییـانەی لای دۆســـتـان، لەوانەیە فیلمێکی دیکۆمێنتاریشیان لەسەر ژیانی ساز کردبایە.

–دایە! ئەو مـاڵە ئیتر کۆنە و ئـاڕوفتەس، بیە بیکوتن و بیکەنەو. بـا واحدێکی بۆ خوەت بێ، هەر لەو مەحەلە، لەســـەر ئەو خاکە، وەلێ ماڵێ تازە، خوەش، بەرژەوەن دار. خوەیشت خاون ماڵی...

جاران دەیگوت: "بیکەینەوە"، دایکی ئاشـــوفتەتر لەوە بوو لێی تێبگات و هەر خەمی قژەکانی بوو.

– هۆشـۆ بە خوەتەو بێ ڕۆڵە! خوزگە پەلکەت کردای، یا بتخسـتایتە ناو کراسەکەت، یا هەر ناچواتای. ئۆف! داخۆم ئەمڕا چە پەنێ بێریتە

سەرما ئازادە! بە خوا هیچکە نییە بێتە شۆنتا. نە من پای هەڕا هەڕام هەس و نە برا جواوت ئاتەو، خوایزانێ بتگرن چەت پەنگەلێ بێرنە سەرتا... جا تۆیش قولّم و ناحالّی، ئەوانیش بێڕەحم و بێ دایک و باوک... ئەی خوا شکورم بە بەشت خوا!

بەخێڵی هات بەو ئارامش و دڵ ئەرخەیانییەی نێو ڕوومەتی مەستوورە خانم. خانمی شاعیر بە دوو قامکییەوە سووچی کراسەکەی گرتبوو و خەریک بوو بە شێنەیی هەنگاوی دەگواستەوە. کاتێ کاک هادی چرچی ئەو گۆشە کراسەی دەتراشی، ئازادە لە لای بوو. ئەو هێمنی و پێوەندییە ڕۆحییەی نێوان کاک هادی و مەستوورە خانم، بێدەنگیی ناو حەوشی عیمارەتی خەسراو و قیژەقیژی قازەکانی ناو حەوزی عیمارەت، وای کربوو کە بابەتی نامیلکەکەی هەر لەوێ، لەسەر ژیان و شێعرەکانی مەستوورە خانم لە مێشکیدا بیچم بگرێ؛ بەڵام ئێستا دڵی وا لێی دەدا کە نە زەردەخەنەی سەر لێوی مەستوورە خانم، نە گێلگێلەی دەوری کڵاو فەیسەکەی و نەش کراسە ئەتڵەسییە شین و زێڕینەکەی، ئۆقرە پێ نەدەبەخشی.

ئێستا لەو کاتانە بوو وا بە تەقەیان خشپەیەکی بچووک خورپە لە دڵییەوە دەهات. وەک سەربازێکی ئامادەی بەرخۆدان گوێ هەڵدەخست، بێ ئۆقرە دەبوو کاتێ دەیبیست مشک دیوارەکان هەڵدەکرێنێ و جاڵجاڵۆکە لە بن سرمیچەوە جۆڵانە ساز دەکا و قالۆنچەی چاو قایم پەکی بۆ کەس ناکەوێ و وەک ئەوەی خاوەن ماڵ بێ، بۆ خۆی دێت و دەچێ. کە دەچووە حەمام نەیدەزانی دەبێ دەرگا دابخا یا نا. گەر دایخستبایە ئێتر ئاگای لە دەنگەکانی دەرەوە نەدەبوو و دڵی لە مستیدا بوو نەکوا لەو چارەک و نیو سەعاتە لەشکرێ سەرباز تەپ بدەنە مل سەریو داشیخستبایە، ئەگەری هەردەم دەرگاشکاندن و دەستبەسەرکردنی بە ڕووتی، بۆ چرکەیەکیش بوو نەیدەهێشت لە ژێر دووش چاو ببەستێ. ئەو کاتە وا لێوی دەلەرزی ڕەنگی دەبزرکا و دەست و پێی دەیبەست. خوێن نەدەگەیشتە مێشکی و نەدەسووڕا لە دەماردا، هەناو بەتاڵ دەبووەوە

له گورچیله و گەدە و ڕیخۆڵە. دڵ، دەبووە بۆمبێکی ســەعاتی و زرم و کوتی لێـدانی گوێ کەڕکەرە بوو. ئەژنۆ، تـاقەتی هەڵگرتنی ئەو بارستاییەی نەدەما و لاق لە بیانوو دەگەڕا لە شتێ – بگرە ڕیشـەی پرتووکاوی فەرشێک- بەربکەوێ و ئەژنۆ بلەرزێ و برمێ. عارەقەی سارد دەتکا بەسـەر بڕبڕەی پشتیدا و گوێی گەرم دادەهات. ئەو کاتە وا باوەڕ بە سێبەریشی نەدەکرد، جاڵجاڵۆکەکان کامێرای شاراوەیان لە زگدا بوو و تەلەفوون خەبەرچین بوو. هەوا قڕنیس بوو یان سییە کەمکاری دەکرد لە هەڵمژینی؟

گەڕابوو پێشـتر بە لیسـتی چاتەکانیدا و هەموو ئەوانەی بۆنی نووکە دەرزییەک گێچەڵی لێهاتبایە، ســـڕیبوویەوە. هـارد، لەپتـاب، فلەش، دەفتەرەکانی بیرەوەریی ئەو دوایین ســاڵانە و هەندێ کتێبی لە ماڵی هـاوڕێیان دانـابوو. کەچی ژێرزەوین جێگای زۆر بوو بەڵام، دەیزانی مشکەکان بە ئاسانی دەیدۆزنەوە.

دایکی کوتبووی:

-هەر بەم تەڵە ئەونەمە تۆپان نەویتەو! ئەزانی چۆن؟ نانم چەور کرد و چکێ پەنێرم پیا ساوی، ئەوە چەن ڕۆژە لە خەو هەڵەسـم و کارم فڕەدان مشـــکە تۆپیگە بە زیـام نەکرد. ئەهـاهـا... بڕوا چۆن دیوار حەوشـــەکەیان کونا کردگە، چووگنەســـە ژێرزەوین، لەناو دەغڵ و دانەکە بەچکەیان کردگە.

ئەمە کسمی بوو، هەر لە منداڵییەوە وا بوو، هەر مشک و قالۆنچەیەک کوژرابایە، خەمباری بەچکە هەتیوەکانیان دەبوو. دەڵێی دایکی فکری خوێندبووەوە کەوا بە وەڕەزییەوە توانجی لێ دابوو:

- دەی بەشـــکەم ئەنجوومەن حمایەت لە مشــک و قۆلانچەیشـــم بۆ دانی، خۆ تۆ دەســـێکۆ هەس بۆ ئەم بەزم و باوە. بە جێگەی ئەوە ســـەر داخەیت و بپلکیتە زندگی خوەتەو... خۆ من تا ســـەر نامێنم بۆ تۆ ڕۆڵە، من و تۆ مێوانین لەم ماڵە، هەر ئەیژم هەتا جوانی بەشـکەم دانێ پەیا کەی بە دڵ خوەت و بچنە ناو ماڵ خوەتان و ئەم ماڵیشـــە

بفرۆشین بیەینە دەردێکەو. ئەونەیشە هاتوچووی دادگا و کەلانتەریت کردگە ئیتر کەس نایتە داواتەو. چە بێژم؟ هەرچێ خوا گیان بیکاتە قسـمەت، خوا لەمە خراوتر نەیرێتە سـەرمانا! ئەچیتە دەرەو؟ ئەگەر رێگەت کەفتە ناو بازاڕ، لە عەتارییەکەی کا شـەمسـە دەوای مشـک و قۆلانچەم بۆ بێرانەو! مشک وریاس. تازە فێر ئەم تەڵە بووگن، ئەشێ بە دەوا چاریان کەم.

جا لە بەر خۆیەوە بۆڵاندبووی:

- ئیتر بە کار ناخوا.

دەبا شتێکی گوتبا، دەبا دەنگی خۆی بیستبایە تا لەو شەڕەی ترس و بوێرییە، ترسـی بەزاندبایە. وەک ئەو کاتەی لە هێڵێکی بێ ژمارەوە تەلەفوونیـان بۆ دەکرد و بۆ بەیـانییەکەی بـانگیـان دەکردە دایرەی زانیاری و، ئەو بیست و چوار سەعاتە تەواوبوونی بۆ نەبوو؛ گۆرانی گوێ دەدا، تەمرینی چاوقایمی دەکرد لە بەر ئاوێنەوە، هەڵدەپەڕی، هەرچیی دەسـت کەوتبایە دەیخوارد، دەچووە میوانی، بازاڕ، هەر لە خۆڕا شـتی دەکڕی، دەیزانی تەلەفوونەکەی لەژێر چاودێرییە و بەو حاڵەشەوە بۆ هەرکەس پێی خۆش بایە زەنگی دەدا و ئازادانە قسەی دەکرد بەڵام ئەو بیست و چوار سەعاتە هەر دوایی نەدەهات.

- ماڵەکە؟ ئیسە زانیت؟

- نە ڕۆڵە، دەغڵ و دانەکەی ئیمسـاڵمان ئێژم. گشـتی ئەشـێ تەفروتوونا کەم، جا مشک چە؟ زلە، ڕەش، هەرکامیان بەقەو تووتکێ ئەون. لە فازڵاوەکەو تێنە سەر خاون تۆپیگ گەلە.

بە تامەزرۆییەوە چاوی گێڕابووە داروبەردی ماڵەکە، وەک کەسـێ سی ساڵی ڕەبەق لە جەزیرەیەکی دوور زیندانی بووبێت و تازە ئازاد بووبێ. هێشـتا نەچووبوو و بیری دیوارە کاگڵییەکانی دوا بارانی کردبوو.

– ئەوە چوویتەو بۆ حەمام؟ مەگەر دوێشـــەو نەچووی؟ ئەم قژە پڕە ها بە تۆەو هەر ئەشێ دە ڕۆژ جارێ...

ســـێشـــوارەکەی زیاد کردبوو لە قەســـت نەیبیســـتووە. لێوی باری گرتبوو و مەگەر تەنیا بە گەرمای سێشوار پەنجەکانی گەرم داهێنابا. نەیدەتوانی بڵێ ئەوە قژی دوێنێ شـــەو بوو و ئەوڕۆ ڕۆژێکی نوێیە. دەبا ئامادەی کردبا بۆ چارەنووســـێکی تر، لەوانەیە ڕەش و لێڵ لە ڕەنگی خۆی. بە خەم و تامەزرۆییەوە تماشـــای یاریی نێوان هەوای گەرمی ســـێشـــوارەکە و قژی کردبوو. بە وەســـواســـەوە کرێمی لێ دابوو، خەتە چاوێکی ناسـک و تیژی کێشـابوو وەک نووکی خەنجەر، گەڕابوو بە ڕیزی ڕۆژلەبەکـان و ســـوورترینەکەی لێ دابوو. ئەو ئەنگووســـتیلەیەی کردبووە قامکییەوە وا شـــێوەی باڵندەیەکی لە قەفەس بوو. شـــەرواڵێکی جینی لە پێ کردبوو و بە جێی مـانتۆ، کراسێکی پیاوانەی لە بەر کردبوو. تۆڕێکی ناسکی بە سـەر دابوو و قژەکانی پەخش کردبووەوە. ئەو پۆشـشـەی وەک بەرخۆدانێ دەبینی کاتێ بانگیان دەکردە دایرەی زانیاری بۆ لێپرســـینەوە لە کاروباری ئەنجوومەن. لەو کاتانەدا قژ و ماتیک دەبوونە چەک. ئەنگووستیلەش پەیـامێکی نهێنی پێ بوو بۆ نیگـاهی تەژیی تەمـاع و شـــەهوەتی ڤەپرســـەکان. ســۆی ببووەوە بۆ لە ئامێزگرتنی دایکی. کە بۆنی پێوە بکا، کوڵمە ناســـک و گۆشـــتنەکانی ماچ بکا، دەســـتی هێنابایە قژە سـپییەکانی وا، وەک پێسـتی بەچکە کەروێشـک وابوو. بەڵام وتبووی جەلەسەیەکی نیو سەعاتەی لە ئەنجوومەن هەیە و زوو دەگەڕێتەوە.

– دەوات لەبیر نەچێ! ئەم ماڵی هین ئێمەس چۆڵی ناکەم بۆ مشـک و قۆلانچە.

– دایە سەنەد ماڵەکە ئازادە؟

– حای ســـەنەدۆ بۆچەس؟ نەوەڵا ئابرات دایناگەســـە ڕەهن بانک بۆ وام ماڵەکانی. جا ئازادیش بواتای تازە ماڵ هین براکانتە کەنیشکەکەم، گوناعن، خێزاندارن، ناشـوکری نەوێ خواگیان، هیچکامیان کاروبارێ

دروس و حەساویان نییە... وەلێ دەی خۆ هەر چتێکیش ئانە دەست من و تۆەو.

ئاوڕی دابووەوە بۆ ئەو کۆڵانە تەنگەبەرانەی تێیدا گەورە ببوو، بۆ دەلاقەی بەرز و بچووکی ماڵی جووەکان کە کۆتر هێلانەی تێدا کردبوو. تۆڕە ڕەشەکەی خستبووە دەور ملییەوە. لە دوورەوە فاتمە خانمی بینیبوو، لە بەر دەرگا دانیشتبوو و تەزبێحاتی دەکرد. پێی خۆش نەبوو ئەو ڕۆژە چارەنووس سازەی بەو نیگاهە لۆمەگرەیەوە ژەهراوی بکات. ڕەمەزانان کە دایکی دەچووە مزگەوت، فاتمە خانم دڵی پڕ دەبوو بۆ عەزابی قیامەتی ئازادە، دەیگوت: "بەر ئەو کەنیشکتە بگرە خوەیشکە، مەیلا ئاوا بگەڕێ! قەسەم بە خوا لە ڕۆژ حەشرا بە قژەو هەڵیئەواسن و بە مەقەست دەور لچەسوورەکانی ئەگرنەو، هەر وەک لێوارەی نان."

مەجبوور ببوو لە کۆڵانێکی ترەوە بچێ، لەو کۆڵانە وا جێی ڕاوەستانی ڕەفیقی براکانی بوو. هەموو ئاوڕیان دابووەوە بۆ ئەو قژە درێژەی وا، پشتە ئەژنۆشی تێپەڕاندبوو و خەریک بوو زەوین گزگ بدا. پێی خۆش بوو کەوتبانە لای شانی، هەموو ئەو کوڕانەی گەڕەک وا بە تەمای زەردەخەنەیەکی بوون، کۆ بکاتەوە و لەگەڵ خۆی بیانبا. تەنانەت براکانی وا قسەیان لە گەڵ نەدەکرد، بە ڕای ئەوان ئازادە ئابڕوویانی بردبوو بە هاتوچۆی پاسگە و پۆلیس پێ کردن. نە دەچووە ئەورووپا و نە شووی دەکرد و نەش حازر بوو لەو نیوە بەشە میراتەی خۆش بێ بۆیان.

کچان بەرەبەرە هاتنە ناو کافەوە، وەک سەربازێ وا چەک تەحویل بدەن، مۆبایلەکانیان سپاردە دەستی کافەچییەکە. نزیک بە عمارەتی خەسراوا، لە بەر پەیکەرەی مەستوورە خانمی ئەردەڵان کۆ بوونەوە. ئازادە، بۆ دوایین جار قسەکانی کوتەوە. مەستوورە خانم، بە تەمەنترین ژنی ژیوانۆ، دروشمەکانی ئامادە کردبوو، هەریەکەو کاغەزێکیان بەرکەوت. دڵەڕاوکە و تووڕەیی و بوێری لە دەنگ و ڕووخسارياندا دیار بوو. گۆنای گڕی گرتبوو ئازادە. وتبووی باشترە

ڕەشـپۆش بن و دەمامک لێدەن. هەم بۆ ماتەمینیی ژینا و هەمیش بۆ وەی کامێراکانی ناو شـار وا بە ئاسـانی دیارییان نەکات. بیسـتبووی ڕێزوولەیشـــێنیان پەنجا مێگا پیکســـێلە و پێنســـەد متر دێنێتە یەک مترییەوە. مەستووره خانم کوتی :

– بەش چەن ڕۆژێ غەزام درووس کرگە بۆ منالّەکان، شـکور ئەونە گەورە بووگن بێ منیش گوزەران بکەن.

شیوا کوتی:

–لە بیرمان بێ دەست لە یەک بەر نەدەین و وریای یەکتر بین.

ئەو قســـانە ورەی پێبەخشـــی، بالآی بەرزی مەســـتووره خانمی ئەردەلآن، چالّیی چەناگەی و گۆنای ناســـک و بێگەردی، گەرمای گەڕاندەوە نێو سەرپەنجەکانی ئازادە.

پێش ئەوەی بگەنە مەیـدان چەنـد ژنی تریـان تێکەڵ بوو. ئەوانیش ســـەرپۆشـــەکانیان فڕە دا و مەســـتووره خانم دەســـتی کردە نێو توورەکەکەی و درووشـــمی خەلآت کردن. هێزی یەکەی تایبەت بە چەک و باتۆم هاتنە پیراییانەوە. ســـەرهەنگێکی پیر بە ســـێ قوبەی ســـەرشـــانییەوە داوای لێ کردن هەر زوو بچنە مالّەوە و واز لە گێرەشـــێوێنی بێنن. موحتەرەم خانم، وەک ئەوەی لە دادگا و لە پێش دادوەر بێ، بەرامبەر سەرهەنگەکە وەستا و وتی:

– چتەور دلّتان هات ئەی زارووە غەریب کوژ بکەن ها؟ بووچە وەی بیچارە زوورتان شکیا؟

سەربازێکی بە قەلافەت و ڕەشتالّە هاتە پێش و کوتی :

– خانم، ئیوە کارتان نەوود وەیانە! دەولّەت خوەی پەیگیری کەید، وە زوانێ خوەش ئەوشین بچن دی! وەیلا...

ژنان دەستیان دایە چەپلّەڕێزان و فیتوو لێدان.

هەر لەویٚ لە سەر ڕێی سەربازەکانی هێزی تایبەت دانیشتن و دەستیان کردە دروشم دان. شیوا هەستایە سەرپیٚ، لە جانتاکەیدا مەقەستێکی دەرهێنا و چەپکەیک لە قژی بڕی و فڕەی دایە بەردەمی سەرهەنگەکە، سەربازێکی منداڵکارە، موبایلەکەی دەرهێنا و دەستیکردە ڤیدیۆگرتن.

ئازادە تاوی دایە مۆبایلەکەی و لێی ڕفاند و فڕێی دایە نێو خەڵک. سەربازەکە هێرشی بۆ برد و کچە هەڵات. موحتەرەم خانم پاڵی بە سەربازەکەوە نا و یەکیٚ تر بە پێلاقەوە خستیە نێو جۆگەلەیەک و بە باتۆم وەرگەڕایە لەشیدا. نیکا کچی موحتەرەم خانم، قیژاندی بە سەر پیاوەکاندا:

- چرا مث مجسمه وایسادین داره مامانمو میکشه بیشرف.

هەتا ئەو کاتە پیاون لە قەراغەوە وەستابوون و سەیریان دەکرد. وەکئەوەی بە هێزی یەکەی تایبەت بڵێن ئەمە کێشەی ئێمە نییە، خۆتانن و ژنانی توورە لە کوشتنی ژینا، بەڵام کە بینییان موحتەرەم خانم هەناسەی دەرنایە، هێرشیان بردە سەر سەربازەکەوە و لێی دووریان خستەوە و کوڕیکی وەرزشکار پیرەژنەی بە شان دا و ڕفاندییە نێو کۆڵانێکەوە.

بەم چەشنە پیاوانیش ڕژانە نێو مەیدانی ئازادی و درووشمیان دا. هێزی تایبەت گازی فرمێسکڕێژیان بۆ خستن. ئازادە لەو سەری مەیدانەکەوە، بازی دایە سەر کاپۆتی ماشینێک و سەرپۆشەکەی ئاگر تێبەردا. خولی دا و دروشمی دا، پێش ئەوەی شەماڵەی ئاگر بگاتە دەستی، وێنەی کچێکی باڵابەرزی قژدرێژ، هەر ئەو شەوە بوو بە سەرتیتری هەواڵەکانی جیهان. کەسێک پاڵی پێوە نا و گازی بیبەری پێدا پژاند. دەستی کردە کۆخە و وەختبوو کوێر بیٚ. دوو پیاو بن باڵیان گرت و بردیانە قەراغ شەقام. یەکێک خێرا دووکەڵی جگەرەی پێدا فوو کرد و بە ئاستەم چاوی کرایەوە. هەرچەند نانی زیادی خواردبوو بۆ پاشکەوتی چەند سەعات یان چەند ڕۆژی بێسەروشوێنی، گشتی هەڵێنایەوە سەر شەقام.

- مـاڵتـان هـا کویێ بـا بتوەینەو. مـاشــــینەکەمـان هـا دوو کووچە ئەولاترەو...

بیری دایکی کرد و پێی خۆش نەبوو بگەڕێتەوە. دەیزانی گەر دەوامشکیشی بۆ نەباتەوە، هەر ڕێگایەکی دەدۆزییەوە بۆ کوشتنیان. حەســـــرەتی ئەو لە ئامێز نەگرتنەی دایکی، بوو بە گەرمە برینێک و گڕی تێبەردا. هەر بەو گڕەوە گەڕایەوە نێو ژنان و شیوا و کچەکانی تری دۆزییەوە و دەســـتی یەکیان گرت و بە درووشــمدان چوونەوە پێش. هێزی یەکەی تایبەت دەسـتی کردە تەقەکردن، کوڕێکیان پێکا و بە پێلاقەوە نیشـتنە ملی. ئازادە بە هەموو هێزییەوە مسـتێکی کوتایە شــــەویلکەی یەک لەو هێزە تایبەتانە و هەڵات. پیاوە بەلادا کەوت و کوڕان بۆ تۆڵەســـەندنەوە هێرشــیان بردە ســەری. ئەو مســتەی بە ســەدان جار، لە وەرزشــگا، لە بەر ئاوێنەوە تەمرین کردبوو. کاتێ بە کێشــی وەزنەکانی زیاد دەکرد، ئەوەی هێز و وزەی پێ دەبەخشــی، وێناکردنی ئەو ڕۆژە بوو. بازی دایە ســـــەر بەرزاییەک و بە دەنگی بەرز درووشمی دا. سەربازەکان دوور بوون و دەرفەتێکی چاک بوو بۆ ورووژاندنی ئەم ســــەری مەیدان. چەند ژن هاتنە لای و لە گەڵی گوتیـانەوە، پۆلێ کوڕی نەوجەوانیش هــاتن و بە نەعرەتەوە تۆنی دەنگی ژنانیان شـکاند. ئازادە لەو بەرزاییەوە، بەبێ ســەرپۆش، وەک تەوار دەیڕوانی بەســــەر شــــەقام و مەیدان و خەڵکدا. بۆ یەکەمجار هەســــتێکی تایبەت لەنێوان ئەو و شــــەقام خرۆشــــییە نێو دڵییەوە. شــنەبایەک خوشــایە ژێر قژەکانی و خســتیە ســەماوە. دەموچاوی داپۆشـی، لە تۆی قژەکانییەوە تماشـای عیمارەتی ئەحمەوزادەی کرد. خۆر دوایین تیشــــکەکانی دەڕژاندە ســــەر باڵکۆن و ئرووســــییە ڕەنگامەکانی عمارەت. دیمەنێکی هەرە دڵڕفێن، دەتگوت وڵات ئازاد بووە. ئەو ڕاموســانەی نێوان تیشــک و ئرووســییەکانی عەمارەت، ئـازاری لەش و چـاوی بیر بردەوە. ئـاوڕی دایەوە بۆ ئـاویەر، لێی شــــەرمەزار بوو کەوا لەبەر ســــەرقاڵیی کاروباری ژنانی ژیڤانۆوە دەمێک بوو نەچوبووە خزمەتی. مەیدان ئێقباڵ و فێردۆســــی، ئەو شـەقامەی جاران نەبوو وا بە دەم تواشـای ڕیزی دەسـتفرۆشـەکان و

ڤیترینی دووکانەکان تێیدا پیاسەی دەکرد و هیچیشی نەکڕیبایە، ئەو فرە ڕەنگییەی جل و بەرگ و خشـڵ و مووروویە، بێتاقەتییەکانی دەڕواندەوە. هەستێک فرە ناسیاو و بێ نێوانجی لە نێو خۆی شەقامدا دەبینییەوە، وەک چۆن بە چاو بەستراوی، دەست بدەی لە کەل و پەلی ماڵەکەت و یەک بە یەک بیناسیتەوە. لەو کاتەدا پردی مەلا وەیسی ببووە ماڵە باوک، ئەو پردەی، کاتێ بە سەریدا دەڕۆیە نێو بازاڕی ماسیفرۆشەکان، عەمارەت وای سێحر دەکرد، ئاگای لە پێش خۆی نەدەبوو، چەند جاری لاق هەڵکەوتبوو لە سواڵکەر و دەستفرۆشەکان. ئەوە یەکەم جاری نەبوو وا لە سەر ئەو جەعبە کارەبایەی نزیک پردەکە دەوەستا، پار و پێرار، لە "چوارشەمەگەلی سپی"شدا، ڕیک لەوێ سەرپۆشە سپییەکەی بەستبووە چیلکەیەکەوە و بایدابوو. گرتبوویان، لێیان دابوو، لە پاسگە ڕایانگرتبوو هەتا براکانی بە سەنەدی ماڵەکەوە هاتبوون بە دوایدا، تەعەهۆدیان لێستاندبوون و خۆی و براکانیان تف و جنێوباران کردبوو .

عیمارەت بووکێکی خەملاو بوو لەنێو گەڕەکەکەیان، "ئاغەزەمان". پێی خۆش بوو لەوێ ڕاکشێ و تاشەبەردێ بکاتە سەرین و جەستەی ئەو قیرە سەختە هەڵمژێ، شەقام ببووە ماڵە باوان بۆی... لەم خەیاڵانە بو کەوا "لیباس شەخسییەکان" بەر بوونە ناویان. کراس ڕەشێکی ڕیشنی شەرواڵ پارچەیی، باتۆمێکی لە کەمەر دا و خستییە خوارەوە. پیاوێک بە جانتایەکی ڕەشی چکۆلەی لاکەمەرییەوە ،هێرشی بۆ برد و بە پێلاقە وەرگەڕایە سەروچاویدا. گشت لیباس شەخسییەکان ئەو جانتا چکۆلانەیان پێ بوو و لەنێو خەڵک بڵاوەیان کردبوو و بە باتوم لە خەڵکیان دەدا. سەربازێ لە دوورەوە هات و بە تفەنگەکەی چەند جاری کێشا بە سەردا. خوێن لە گوێچکەی ئازادەوە فیچقەی کرد. وەک چۆن فاتمە خانم دەیگوت لە ڕۆژی حەشر مەعموورەکانی جەحەنەم بە قژەوە خاوکێشیان دەکرد، ئاوا ڕایانکێشایە نێو پاسی پۆلیسەوە. کراسەکەی لە بەر دڕا و چۆڕاوگەی خوێن دەتکا بەدوایدا. یەک لە لیباس شەخسییەکان بە پوتینەوە لە سەر قژی وەستا دەستی کردە جنێودان. پێستی ساف و لووسی

زگی ئازادە خســـتییە تەماحەوە. نەدەبزووت، دەموچاوی ســـوور هەڵگەڕابوو لەژێر قژە ڕەشـــەکـانییەوە، تەنیـا خوێنێکی گەرم لە گوێچکەی دەڕۆی.

- ها کوڕەگە چە بییە؟ ئەڕا وەی جوورە کەی؟ ئەڕا دەسماڵیش کەی ها؟ چە توایید؟

- میخوام ببینم نفس میکشه یا واقعن مردە.

- هیزگرە کوڕەخەر! کار فرە دیریم، وڵ کە ئەی جوندە! بووش بێن ویرە جەمی کەن، سەی کە چە کردییە وە خوەی! ئێنگار چوود ئەڕای زەماون باوگی.

٢٢ /٧ /١٤٠١